# فیدباک

بیلال حەمە و شاجوان محەمەد

- نووسین: بیلال حەمە و شاجوان محەمەد
- تایپ: نووسەر
- هێماکان: ئالان یوسف
- بەرگ: شیاو سەرتیپ جەڕاح
- قەبارە: ٢٠ × ١٣ سم
- ساڵ و نۆرەی چاپ: **٢٠٢٢**، چاپی یەکەم
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی سپاردنی (٨٢٠) ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.**

**© هەموو مافێکی ئەم بەرهەمە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە.**

# ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| **پێشەکیی نووسەران** | **٧** |
| **پێشەکیی عومەر عەلی کایی** | **١٠** |
| **بەشی یەکەم** | |
| پێناسەی فیدباک | ١٧ |
| ئامانجەکانی فیدباک | ١٨ |
| مەرجەکانی فیدباکپێدان | ١٩ |
| جۆرەکانی فیدباک لەڕووی ناوەڕۆکەوە | ٢٠ |
| جۆرەکانی فیدباک لەڕووی فۆڕمەوە | ٢٢ |
| کاتی فیدباک | ٢٥ |
| باشترین و کاریگەرترین جۆری فیدباک | ٢٦ |
| ئاستی کاریگەریی فیدباک لەسەر کارایی فێرخواز | ٢٨ |
| چیرۆکی پەپوولەکەی ئۆستن | ٢٩ |
| **بەشی دووەم** | |
| دەستەواژە فیدباکییەکان | ٣٧ |
| **بەشی سێیەم** | |
| هێماکانی هەڵەچنی لە فیدباک | ٥٧ |
| گرنگیی هێماکانی هەڵەچنی لە فیدباک | ٥٨ |
| بەکارهێنانی هێماکانی هەڵەچنی لە فیدباک | ٥٩ |

**بەشی چوارەم**

| | |
|---|---|
| فیدباکنامە | ٧٣ |
| تایبەتمەندییەکانی فیدباکنامە | ٧٥ |
| نموونەی نامەی فیدباکی مامۆستا بۆ فێرخواز | ٧٦ |
| فۆڕمی فیدباکی مامۆستا | ٧٨ |
| گرنگیی فۆڕمی فیدباکی مامۆستا | ٧٩ |
| پێوەرەکانی فیدباکی مامۆستا بۆ فێرخواز | ٨٠ |
| نموونەی چۆنییەتی پڕکردنەوەی فۆڕمی فیدباکی مامۆستا بۆ فێرخواز و ڕاددەی کاریگەرییەکەی | ٨٢ |
| فیدباکی فێرخواز بۆ مامۆستا | ٨٤ |
| **سەرچاوە** | |

## پێشەکیی نووسەران

زۆرینەی فێرخوازان حەوجێی سەرچاوەیەکن بۆ ڕاستدۆزیی لە کارەکەیان. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانرێت مامۆستا یان هەر سەرچاوەیەکی تر وەکوو هۆکاری ئەم ڕاستدۆزییە بەکاربێنن لە ڕێگای فیدباکدانەوە.

زۆر هۆکار بەردەستن، بۆ بەرزکردنەوەی کارامەیی و توانستی فێرخواز، بەڵام کاریگەرترینیان فیدباکە.

زۆرینەی مامۆستاکانی ئێرە ئێستاشی لەگەڵ بێت لەپای ئەنجامدانی چالاکییەکی فێرخواز جا نووسینەکی بێت لەسەر تێنووسی فێرخوازەکە یان زارەکی بە فێرخوازەکە دەڵێت: هەربژی، زۆرباشە، ئافەرین و پزیشکی ئایندە ...هتد

یان ئەوەتا لەپای ئەنجامنەدانی ئەرکەکانی سەرزەنشتی فێرخواز دەکات، لێ بێ ئاگا لەوەی کە ئەم جۆرە دەربڕینانە کۆمەکییەکی ئەوتۆ بە فێرخواز ناکات و بگرە دەبێتە هۆکاری ناکارایی توانستی فێرخواز.

بەدیلی ئەم جۆرە لە دەربڕینی ستایش و سەرزەنشتکردنەی فێرخواز فیدباکە.

فیدباک پێدانی زانیاری پێویستە بە فێرخواز، دەربارەی ئەو ئەرکەی ئەنجامی دەدات، لەپێناو پێشڤەچوونی کارەکەی.

فیدباک یەکێکە لە بەهێزترین هۆکارەکانی پرۆسەی فێربوون. (فایەق، ٢٠٢١)

بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبە لە سۆنگەی پێویستبوون و گرنگبوونی بابەتەکە لای ئێمە گەڵاڵە بوو. کاتێک بینیمان فێرخوازەکانمان چەندێک حەوجێیان بە فیدباکپێدانی ئەرێنی و بنیادنەرە لە ژیانی فێرخوازییاندا .

لەگەڵ ئەوەشدا بوونی کاری ڕۆژانەی مامۆستایەتی ئێمە، یارمەتیدەرێکی زۆرباش بوو بۆ ئەوەی ئێمە ڕادەی کاریگەری فیدباکدان لەسەر فێرخوازەکانمان باشتر درک پێ بکەین و کاری زیاتری لەسەر بکەین.

ئێمە لەم کتێبەدا هەوڵمانداوە بە زمانێکی سانا و ڕەوان فیدباک بناسێنین، تاکوو مامۆستایان بتوانن بەپێی دۆخ و کاری فێرخوازەکان فیدباک بدەن.

ڕەنگە ئەم کتێبە ڕێنیشاندەر و ئاراستەکەرێکی زۆرباش بێت بۆ مامۆستایان، تاکوو فیدباکەکانیان بۆ چالاکیی پەیوەندیدار بە فێرخوازەکانیانەوە پێشکەش بکەن و ئاسۆی زانینیان فراوان بکەن و پەرەی پێبدەن، بەتایبەت کە یەکەم جارە لەناو کتێبخانەی کوردی بەم وردییە کار لەسەر هێماکانی هەڵەچنی، وەک بەشێکی گرنگیی فیدباک بکرێت.

خوێنەری هێژا، ئەم کتێبە بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر گەیشتە ئەم ئاستە، لێ دڵسۆزیی و هاوکاری هەریەکە لە هاوڕێیانمان مامۆستا ئالان یوسف، مامۆستا عومەر عەلی، مامۆستا دانا مستەفا و مامۆستا فەهمی کاکەیی بەرز دەنرخێنین، بە پێداچوونەوە، دیزاینکردنی ناوەوەی نامیلکەکە، دروستکردنی هێماکان، ڕێنووس و هەڵەچنی، پێشنیار و ڕاسپاردەکانیان، جێدەستیان بە کتێبەکەوە دیارە و ماندووبوونی ئێمەیان ئێجگار کەمکردەوە. هەروەها سوپاس بۆ زانیارییەکانی بەڕێز هاوکار عبدللە. سوپاسی زۆری ئێمە ئێجگار کەمە، لە ئاست دڵسۆزیی و پەرۆشیان بۆ باشترکردن و تەواوکردنی کتێبەکە.

# پاش پێشەکی

کە هاوڕێی ئەزیزم؛ بیلال حەمە، ڕەشنووسی کتێبەکەی بۆ ناردم تا پێداچوونەوەی بۆ بکەم، لە بیری نووسینی ئەم پێشەکییە نەبووم، کەچی دوای تەواوبوونم، ئەم پارچە نووسینەم نووسی، خۆشبەختانە هاوڕێیانم قبووڵیان کرد.

گرنگیی ئەم کتێبە هەم لە بە کوردی نووسینەکەیەتی، هەم باسکردنی بابەتێکی وەک (بەرخورد/فیدباک)ە، کە لە سیستەمی پەروەردەیی کوردستاندا، لەسەر ئاستی پەروەردە و خوێندنی باڵاش لە باشترین ئاستیدا ستایشکردن یان سەرزەنشتکردنی فێرخوازە، وەک ئەوەی هیچ بژاردەیەکی سێیەم لەگۆڕێ نەبێ!

ئەو پەستانەی هەمیشەییەی لە قۆناغی یەکی بنەرەتییەوە تا دوا ئاستی خوێندن لەسەر فێرخوازەکانمانە، هەر لە تەلارسازیی زانکۆ و قوتابخانەکانەوە تا مامەڵەی مامۆستا و باوان. ئەمەش وایکردووە دیوارێکی کۆنکریتیی لە نێوان فێرخوازی ڕۆبۆتئاسا، نمرەبەرز، پاک، زیرەک و خۆشەویستی مامۆستا، لەگەڵ فێرخوازی ڕیزی پشتەوە، تەمبەڵ، شەقاوە و پیس هەبێت. گرووپی یەکەم هەمیشە قردێلەی سوور یان زەردیان بە بەرۆکەوەیە و دووەم گرووپیش هەمیشە تەقەیان لەسەرە و توانج لێدانیان سەعاتی سفرە!

ئەم کتێبە شتێکە لەو ناوەڕاستەدا و هەوڵێکی بۆ شکاندنی ئەو دیوارە. پیرۆزبایی لە هاوڕێیانم دەکەم، لە ماوەیەکی کەمی ئەزموونی خۆیاندا توانیویانە کتابێکی وا پوخت بنووسن.

هیوادارم ئەم کتێبە هیچ کون و قوژبنێکی کتێبخانەی کوردی پڕ نەکاتەوە و لەسەر جادە، چایخانە و کافتریاکان بخوێندرێتەوە.

**عومەر عەلی کایی**

**٢٠٢٢/٤/٢٦**

**هەولێر**